# ئایا کەرکوك دوایین شەڕی پیرۆزی کورد دەبێت؟

## گەمە ساسیەکان لە سەردەمی گۆڕانە خێراکاندا

**مەجید ساڵح**

لەوەتی شۆڕشی گەلیکورد لە باشوری کوردستان قۆناغەکانی خوی تەی کردوە و گەیشتوەتە ئاستێکی وا کە داگیرکەران ناچار بن دانوستانی لە گەڵدا بکەن، کێشەی کەرکوك هەمیشە بەربەستێك بوە لە بەردەم پێشوەچوونی ئەو دانوستانانەدا. بە واتایەکی تر هەمیشە نە کورد دەست بەرداری ئەو بەشە حەساسەی نیشتمانەکەی بوە و نە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقیش ویستویانە تەنازول لە خێروبێری ئەو شارە بکەن وبیخەنە سەر هەرێمی کوردستان. ئەوە جگە لەوەی لە لاوازترین کاتەکانی حکومەتی مەرکەزی عیراق، هەلەمەرجی ئیقلیمی ونێونەتەوەیی هیچ لە بەرژەوەندی کوردا نەبووە بۆ ئەوەی بەغدا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە کەرکوك بگەڕێنێتەوە بۆ سەر جوگرافیا راستەقینەکەی خوی. رۆڵی تورکەکان لەو ساتانەدا هەردەم عاملێکی یەکلاکەرەوە بووە تاکو بەغدا هەنگاوی وانەنێت کە کورد لە ئامانجە ستراتیژەکەی نزیك کاتەوە. ئەمە جگە لە هەلو مەرجی شەڕی سارد ولاوازی خودی کورد لە بەرامبەر ئەو دۆخەی کە شەرەکە سازیدا بوو. بەلاَم وەك لە سەرەتادا ئیشارەتمان پێدا سەرەڕای هەموو ئەوانە، کورد پێی لە سەر کوردستانی بوونی کەرکوك داگرت و لایەنە سیاسیەکانیکورد سەرەرای جیاوازیان جورئەتی دەستبەرداربوون لە کەرکوکیان نەکرد.

پاش روخانی پەیکەرەکەی سەدام حسێنی دیکتاتۆر لە 2003/4/9لە گۆڕەپانی فیردەوس لە بەغدا، مەسەلەی کەرکوك وەك زۆر مەسەلەی تری ئالۆزی پاشماوەی سیاسەتەکانی بەعس بوو بە بەشێك لەو شەڕەی کە دەبوو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە گەڵ خەسمە نوێیەکانی بەغدای بکردبایە. نەهاتنە پێشەوەی عەرەبە سوونەکان بۆ پرۆسەی سیاسی لە عیراق، قورسایی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ولاَتیکە، جەوێکی تا رادەیەك ئاسانی بۆ سەکردایەتی سیاسی کوردستان خولقاند تاکو لە (یاسای کاتی بۆ بەرێوە بردنی عیراق) کێشەی کەرکوك وەك مادەیەکی سەرەکی لەو  یاسایەدا جیّ بکەنەوە. ئەوە بوو مادەی (58)ی یاساکە تەرخان کرا نەك هەربۆ مەسەلەی کەرکوك، بەڵکو بۆ هەموو ئەو شارو ناوچانەی تری کوردستان کەبەر سیاسەتی شۆفێنیستانەی بەعسیەکان  کەوتبوون. مادەکە نەدەکرا لە لایەن حکومەتی ئەو دەمی عیراق کە پۆڵ برێمەر سەرپەرشتی دەکرد جێبەجێبکرابایە.بەڵکو کرا بە ئەرکێکی سەرەکی حکومەتە کاتیەکەی ئەیاد عەلاوی. ئەو حکومەتەش سەرەرای هات وهاواری سەرکردایەتیکورد مادەی (58)ی پشتگوێ خست وبەجێیی هێشت بۆ حکومەتە ئینتقالیەکەی ئەلجەعفەری.لەوەش خراپتر جێبەجێکردنی مادەی (58) بە گوێرەی دەستوری هەمیشەیی عیراق و بە پێی مادەی(136) دواخرا بۆ ساڵی 2007 واتە کرا بە ئەرکێکیی ئەو حکومەتەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی ئایندەدا بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکمرانی عیراق بکات.

بە پێی ئەو لێدوان وزانیاریانەی کە رۆژانە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەیبیستین، حکومەتە چوار ساڵیە چاوەڕوانکراوەکەش حکومەتێکی تەوافقی نیشتمانی دەبێت. بەواتای حکومەتێك دەبێت کە سوونەعەرەبەکان (بە پاڵپشتی جامیعەی عەرەبی و تەنانەت پشتگیری ئەمریکیەکان) قورسایی خۆیان

دەبێت لە سەرچاوەكانی بڕیاردان لە عیراقی ئایندەدا. لێرەوەیە من پێم وایە مەسەلەی جێبەجێكردنی مادەی(136) دەستوری هەمیشەی عیراق دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر. بە دڵنیایەوە ئەو كاتە توركەكان دێنەوە ناو معادەلە سیاسیەكان و مەرج نییە سەنگ وقورسایی كوردیش لەم دونیایەی كە لە شەو رۆژێكدا هەزاران گۆڕانی خیرا وچاوەڕوان نەكراو روو دەدات، بە هەمان قورسی بمێنێتەوە.

كەواتە لە هەلو مەرجێكی لەو چەشنەدا كورد دەبێت چ جۆرە ستراتیژو تەكتیكێك پەیرەو بكات تاكو بە لای كەمەوەئەو دەسكەوتانە بپارێزێت كە لە سێ ساڵ ونیوی رابردودا لە سەر ئەرزی واقع لە كەركوكدا بە دەستی هێناوە. من پێم وایەلە پەرلەمانی كوردستان كە دامەزراوێكی شەرعی كوردستانەو و لە سەر ئاستی عیراق و جیهانیش دانی پێدا نراوە، كۆمیسیۆنێك لە شارەزایانی بواری یاسایی‌و سیاسی ومێژوویی وپسپۆرانی بواری دانوستاندن پێك بهێنرێت . ئەركی سەرەكی ئەم كۆمیسیۆنە كە مەرج نییە ئەندامەكانی لە پەرلەمان بن، ئەوە بێت ئاراستەی سیاسەتەكانی كورد لە مەسەلەی كەركوكدا بۆ سەركردایەتی سیاسی كورد وئەو ئەندام پەرلەمانانەی كە لە پەرلەمانی عیراقدا نوێنەرایەتی كورد دەكەن دەست نیشان بكات. ئەم مەسەلەیە خاڵێكی جەوهەریە بە نیسبەت كوردەوە، چونكە تاكو ئێستا سەركردایەتی سیاسی كورد لە بەغدا بە پێی شارەزایی و خواست وتوانا شەخسیەكانی خۆیان هەڵسوكەوتیان كردوە وپشتیان بە هیچ سەنتەرێكی راوێژكاری ولێكۆڵینەوەی زانستی ویاسایی نەبەستوە. هەر ئەمەشە وا لە كەسێكی وەك ئەلحەكیم وئەلجەعفەری دەكات كەمتەرخەمیەكانی جێبەجێكردنی مادەی(58) بگەڕێننەوە بۆ سەر شانی سەرۆك كۆمارو پارێزگاری كەركوك.

پێم وا نییە هیچ سەركردەیەكی كورد ئەو راستیە نەزانێت كە دونیای ئەمڕۆ بە دونیای سیاسەتیشەوە دونیای یارییە خێراو دیجیتاڵیەكانە. دونیایەكە شارەزایی ولیهاتوویی وبەردەوامی گەرەكە، گەر بۆ ساتێك بە جێمایت، زۆر دژوارە دەست پێبكەیتەوە. لێرەوەیە دەبێت سەركردایەتی سیاسی كوردستان لەوە بگات پێش هەر یاریەك مەرجە بە تەواوەتی خۆی بۆ ئامادە كردبێت. نابێت چیتر بە لۆژیكی سیاسەتەكانی‌سەردەمی شەڕی سارد مامەڵە لەگەڵ واقعیكدا بكەین، كە هەموو شتێكی لە چاو تروكانێكدا دەگۆڕێت. من زۆر لە گەڵ ئەو وتەیەی بەرێز مام جەلالم كە دەڵێت (مەسەلەی كەركوك وەك نەشتەرگەری مێشك وایە، دەبێت زۆر بە حەساسیەتەوە ئەنجام بدرێت). بەلآم من پێم وایە ئەو نەشتەرگەریە  زۆری بەسەردا چووەو ئەنجام نەدراوە، تا درەنگتریش بكرێت ئاڵۆزترو دژوارتر دەبێت.

لە راستیشدا كێشەی كەركوك بەهۆی هاتنی یاریچی ترەوە بۆ ناو یاریگاكە، خەریكە بەرەو ئاراستەیەك دەچێت بە لای كەمەوە پێشبینی كۆتایی گەمەكە زۆر سەختە لە جاران. لێرەوەیە پێویستە كورد لە ساڵی یەكەمی دەسەلآتدارێتی حكومەتە چوار ساڵیەكەوە، بە بەرنامەیەكی لە پێشدارێژراوەوە  دواین شەڕی پیرۆزی خۆی لە  بەغدا بكات.